# روخساری سۆسیالیزمی کریکاری

# لەئایاری ٢٠٠٥ لەجیهاندا!

نوری بەشیر
n.bashir3@tiscali.co.uk

ئایاری ئەمساڵ تایبە تمەندیەکی بەرچاوی هەبوو، ئەمەش چ بۆ خودی چینی کریکارو کۆمۆنیزمی کریکاری ناتوانیت لیّی بگوزەریت و ئاوریکی جدی لینەداتەوە، بەتاییەت بونی گرایشی کۆمۆنیستی بەحزورو ریزیکی گەورەو فراوان و بەرچاو مەوجود بووە، هەر لەوەی کریکارانی زۆربەی وولاتان لەجیهاندا بەشیعارو خواستی صنفی، رادیکال، سۆسیالیستیەوە ئاریان ریکخستوەو بەریکردوە ( صنفی بەمانای ریکخراوو سەرتاسەری لەسەر ئاستی ولاتەکان واتە ریکخراو تر لەسالانی پیشوو هاتونەتە مەیدان، وە قەتعنامە بەخواست و داواکاریە کریکاریەکانیان تەرح کردوە )، واتە ئەم سال بونی داواکاری و نارەزایەتی و حزورو لەمەیداندا بونی کریکاران بەشیوەیەکی فراوان ریکخراو ترو بەشیعاری سوسیالیستی و خواستە صنفیەکانیانەوە و هەلپیکانی خەباتیان لەگەل بزوتنەوەی کۆمۆنیزی کریکاریدا نیشانداوە، حەرەکەتی کریکارن لەئایاری ئەمسالدا لەدەرەوەی ئیتحادیە زەردو حزبە رەنگاو رەنگە قەومی و ئیسلامیەکان و دەولەتیەکان هاتونەتە مەیدان بۆ داواکاریەکانیان، واتە فاصلەگەرتنیان بەئاشکرا پیوە دیارە بوە، ئەمە بەئاشکرا لەهاتنە مەیدانی کریکاران لە ئیران ( تاران و سنە )، عیراق ( بەصرەو بەغداد )، لەفەلەستین، پاکستان و چەند وولاتی ئەوروپادا زۆر بەئاشکرا دیار بوو.




ئایاری ٢٠٠٥ لەعیراق – بصرە

لەئایاری ئەمسالدا لەعیراق شیعاری : بژی ١ی ئایار رۆژی هاوپیشتی جیهانی چینی کریکار، نا بۆ داگیرکاری، نابۆتیرۆریست، ئەبی هیزەکانی ئەمریکا لەعیراق دەرچن، حکومەتی عەلمانی وغەیرە قەومی دامەزری، نا بۆ تەفرەقەی قەومی وتایفی، زەمانەتی بیکاری بۆ هەموو ئامادە بەکار، زیادبونی کری بەپیی بەرزبونەوەی مەعیشەت، کریکاران توانای کۆتایی پیهینانی سیناریۆی رەشیان هەیە لەعیراقدا.





ئایاری ٢٠٠٥ لە ئیران – سنە

لەلایەکی ترەوە کریکاران ئەگەرچی لەلایەك بەخواستی صنفی و هەروەها ریکخراوو بونی زیاترو

## روخساری سۆسیالیزمی كریكاری لەئایاری ٢٠٠٥ لە جیهاندا!

دەستە جەمعی هاتنە مەیدان، هاوكات بەخواست و داواكاری سیاسیەوە لەزۆریك لەولاتەكاندا دەركەوتن، وەك هێزێكی كۆمەلایەتی كەخۆیان بەلێپرساو بەرامبەر ئەوزاعی نائەمنو خرا پی وەزعی كۆمەلاتی دەزانن، لەشیعارو داواكاریەكاندا



ئایاری ٢٠٠٥ لەئیران — تاران

بەرجەستەبوو، ئەمەش لەعیراقەوە بگرە تا فەلەستین، ئەمریكا، فەرەنسا، ئەلمانیا، ئیسپانیا و پاكستان، كە لەعیراق داواكاری دەرچونی هێزەكانی ئەمریكاو ئەمن وئاسایش بۆ خەلك دەكەن، لەفەلەستین بەدژایەتی سیاسەتی هەردوو سەرمایەدارانی ئیسرائیل و فەلەستین دیفاع لە خواستەكانی كریكاران هەردوو لادەكەن، لە پاكستان و هندستان بەدژی سەرمایەداری و مەینەتیەكانی قسەدەكەن، لە فەرەنسا و اسپانیا و ئەمەریكا بەدژی شەرو داواكاری باشكردنی وەزعی كۆمەلایەتی دەكەن.

كریكاران و كۆمۆنیستەكان، ریزی ملیۆنیان لەسەرتاسەری دنیا شەقامەكانیان بەشیعارو دروشمی كریكاری و سوسیالیستی و رادیكالەوە لەم رۆژەدا نەخشاند و میدیای بۆرژوازی نەیتوانی چاوی خۆی لەئاست ئەم راستیەدا بنوقینێ، ئەمە هاتنە مەیدانیكی چینایەتی و سۆسیالیستی گەورەبوو، لەزۆریك لەوولاتان ئەم هاتنە مەیدانەی كریكاران بەشیوەیەكەوە خۆی نەبەستەوە و دەیان شكل و شیوەی بەخۆوە گرت، هەر لەرژانە سەرشەقامەكانەوە بگرە تا دەكاتە كۆروكۆبونەوەو سیمناراتی جۆراوجۆر لەقاعەو شوینەگشتی و پاركەكاندا، هێزی خۆیان هینایە مەیدان و خواستی خۆیان بەرامبەر دەسەلاتداران و خاوەن كارو دەولەت نیشاندا... ئەگەر لەئیراندا لەزۆریك لەشارەكانی كوردستاندا كریكاران بەریپوان و بەرز كردنەوەی خواستەكریكاریەكان لەشەقامەكاندا هاتبنە مەیدان، ئەوا لەتاران لەكۆرو سمینارە ئایاریەكاندا هەمان شیعارو خواستی كریكاری بەرز

ئیران:

لەمەراسیمە عەلەنیەكانی ئایاری ئەمسالی زۆریک لەشارەكانی ئیراندا بەبەرزكردنەوەی پەرچەم و بریارنامەی كریكاری و رادیكال، لە رژانە سەرشەقامەكان یان لەمەراسیم و كۆرەكاندا بەرزكرانەوە، بەجیا لەبەرزكردنەوەی شیعارو خواستە كریكاریەكانی لەچەشنی ( زیاد كردنی كریێ، دانی هەق دەستە نەدراوەكان، مافی خۆریخستنی سەربەخۆی كریكاران بەبی دەست تیوەردانی دەولەت و ٣٠ سەعات كار لەهەفتەدا كە بەرزكرابونەوە، نیزامی سەرمایەداریان وەک سەرچاوەی نەهامەتیەكانی كریكاران و كۆمەلگا ناساندن ... كە لەدوو دەیەی رابردودا یەكەم جارە كریكارانی ئیران بەم شیوەیە بەخواست و داواكاری صنفی و خواستی هیرشی سیاسیانەوە بۆ نیزامی سەرمایەداری و رابەرانی عەلەنیان پیبنینە مەیدانەوە.

کردۆتەوە، لەبەغداد، بەصرە، کرکوك، سلیمانی، هەولیر و رانیە، هەمان خواستەکانی کریکارو دەخالەت لەچارەنوسی کۆمەلگا بەرەو ئایندەیەکی باشتر خواستی ئەم بزوتنەوە کریکاری و کۆمۆنیزمی کریکاری بووە کەبەشیوەی جۆراو جۆر ریپیوان و مەراسیمی ئایار سازدراوە، لەعیراق حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق و فدراسیۆنی شوراو نەقابە کریکاریەکان رابەرایەتی و ریکخەری ئایاری ئەمسال بوو کەدەوری بەرچاویان هەبووە لەریکخستن و خواستەکانی کریکاراندا.

واتە ئایاری ئەمسال، جگە لەهاتنە مەیدانی کریکاران ریکخراوترو بەرچاوتر بەشیعاری رادیکال و سۆسیالیستیەوە، هاوکات لەگەل ئەحزابە کۆمۆنیستی کریکاری و چەپ و سۆسیالیستی و لایەنە رادیکالەکاندا بەیان وپلاتفۆرم و چالاکی هاوبەش بۆ خواستە صنفی و کۆمەلایەتیەکان و وەستانەوە بەرامبەر سیاسەتی سەرکوت و شەرخوازانەی سەرمایەداری و لەسەرو هەمویانەوە سیاسەتی میلیتاری و شەرخوازی ئەمریکاو هاوپە یمانەکانی دەنگی نارەزایەتیان هەلبریوە.

عەزیمی ئایاری ئەمسال ئەوەبوو ریزیکی فراوان لە دنیادا چ لەولاتانی ئاسیا تادەکاتە ئەوروپا و ئەمریکا ... بەجیا لەخواستەکانی کریکاران لەچەشنی باشترکردنی ژیانی کریکاران، دیاریکردنی لانی کەمی کریٚ و سەعات کار، باشترکردنی وەزعی کۆمەلایەتی و کار بۆ بیکاران، بەجیا لەوەش بەدژی شەرو کوشتار برسی کردنی سەرمایەداران و دەولەتەکانیان سیاسەتی شەرئەنگیزی ئەمریکا بوون، لەم رۆژەدا شیعار بەرزکرایەوە کەدنیایەکی باشتری شیاوی ئینسانی ئیمکانی هەیەو نا بۆ سەرمایەداری و سەرمایەداری سەرچاوەی نەهامەتیەکانی کۆمەلگایە، وە وتنی سرودی ئەنتەرناسیونال و هەروەها بەرزکردنەوەی وینەی رابەرانی سۆسیالیزمی کریکاری مارکس و لینین و




پاکستان:

لەبیست سالی رابردودا بۆیەکەمین جارە کە لە١ی ئایاردا بەم شیوەیە لەم ناوچەیەدا کریکاران بینە سەرشەقامەکان و خواستەکانی خوایان بەرووی دەولەتدا بەرز کەنەوە، هەزران کریکاران لە ئیتحادیە کریکاریەکانی (SMP ) و ( PTURC) لە ١٨ شارو شارۆچکەی پاکستاندا ١ی ئایاریان بەخۆپیشاندان و کۆبونەوەی جۆراوجۆر مەراسیم گرت و خواستی دژی خوسوسی کردن و بەردانی رابەرانی کریکاریان بەرزکردبۆوە و رابەرانی ئیتحادیەکان بەو هۆیانەوە قسەیان کردوە. هەروەها شیعاری دژی سەرمایەدای یەکیک لەبەرجەستەترین شعارەکانی ئایاری ئەمسال بوو لەپاکستان.




روسیا - مۆسکۆ: دەیان هەزار لەکریکاران و زیاتر لە ٢٠٠ لەئیتحادیە کریکاریەکان لەشەقامەکانی مۆسکۆدا خواستەکانی کریکارانی روسیایان بەرزکردبۆوەو بەدژی دەولەتی پۆتین بوون.

منصور حکمت بەرز راگیرابوو.

گەورەترین خۆنواندنی ئەم سوسیالیزمە کریکاریە لەم سالدا لە: عیراق، ئیران، کوردستان، فەلەستین و پاکستان و هندستان و فەرەنسا، زۆر ئاشکراو بەرجەستە دەرکەوت و کریکاران وەك هیزیك بەجیا لەدەستەو لایەنی دەولەتە سەرکوت گەرو سەرمایەداران هاتنە مەیدان، ئەم هیزە لەئایاردا لەولاتانیکدا خۆیان نیشاندا کەبەدەست حکومەتە سەرکوتگەرە یەك لەدوای یەکەکانەوە چینی کریکاری وەك باقی خەلکی کۆمەلگا کەتوونەتە حاشیەوەو بەهەموو شیوەیەك سەرکوت و مافەکانیان خوارەوەو پاشەکشەیان پیکراوە.

بەتاییەت کۆمەلگای عیراق، بەدەست ئەمریکاو دەولەتی کاتی دەستکردی ئەمریکاوە و هەموو لایەنە تیروریستە رەنگاو رەنگە ئیسلامی وقەومی و سەرمایەدارانو حزبەکانیانەوە نەك هەر غەرقی هەژاری و نەداریو برسیتی لەبەریەك ترازانی کۆمەلگایی عیراق وەك کۆمەلگایەکی مەدەنی بوون بەلکو غەرقی خوین بوە، چینی کریکار وەك سەردەمی رژیمی بەعس وەزعی خرا پتر بوە نەك بارشتر، لەکۆمەلگایەکی ئاوادا فدارسیۆنی شورا و نەقابە کریکاریەکان و حزبی کمۆنۆیستی کریکاری عیرا ق لە پشت سەری خواست و داواکاریەکانی کریکارانەوە وەستاون، وە لەهەمانکاتدا لەبەرامبەر وەزعی کۆمەلگاو مسئولیەتیان نیشانداوە.

بەشداریەکانی حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق، بەهاوبەشی لەگەل حزبی کۆمۆنیستی کریکاری حکمتیست لەدەرەوە بەرچاوو بوە، لە وینەکانی کەخراونەتە روو کەبەشیکن لەچالاکیەکانی ئایار لەدنیادا بەدەستهاتوە لیرەدا خراوەتە روو، بەهیوای ئەوەی ئایاری ئەمسالو دەرکەوتنەکەی بەو شیوەیە لەدەورەی داهاتوو بۆ بزوتنەوەی کریکاری و کۆمۆنیزمی کریکاری دەورەیەکی ریکخراو ترو کاریگەرتر بیت بۆ ئالوگۆریك بەرو دنیایەکی شیاوی ئینسانی و لەعیراقدا کۆتایهینان بەسیناریوی رەش و ئەوزاعی خویناوی ئیستا، وە دامەزراندنی حکومەتیکی دلخوازی کریکاران.







ئایاری ۲۰۰۵ لە فەرەنیسا — پاریس

پاریس: یەکیک لەگەورەترین خۆپیشاندانەکانی دەیەی رابردودا لەپاریس، کە سەدان هەزار لە ئیتحادیە کریکاریەکان، قوتابیان، پەنابەران و کریکارانی بەشە تەکنیکیەکان لەئایاردا لەبەرامبەر خواست و داواکاری کریکاراندا خۆیان نیشاندا.

# روخساری سۆسیالیزمی کریکاری لەئایاری ٢٠٠٥ لەجیهاندا!




ئایاری ٢٠٠٥ لەئەمریکا - سانفرانسیسکۆ

داواکاری: حەقی کریکاری، دیفاع لەکریکارانی مهاجر و بەدژی سیاسەتی شەرخوازی ئەمریکا




ئایاری ٢٠٠٥ لە کۆریای حنوبی

کریکارانی کۆریای جنوبی: بەبەرزکردنەوەی پەرچەمی داواکاری کەمکردنەوەی سەعاتی کارکردن و باشکردنی وەزعی کریکارانن ای ئایاریان سازدا.




مدرید: باشکردنی وەزعی کۆمەلایەتی....




هۆنگ کۆنگ: داوای دیاریکردنی لانی کەمی کری ئە کەن.




کریکارانی هۆنگ کۆنگ: داواکاری دیاریکردنی سەعات کاری خوازراو دەکەن.

ئەلمانیا: زیاتر لە ٥٠٠:٠٠٠ هەزار لە فعالینی ئیتحادیە کریکاریەکان رژنانە سەرشەقامەکان خواستەکانی کریکارانیان بەرووی دەولەتدا بەرزکردەوە.

# روخساری سۆسیالیزمی کریکاری لەئایاری ٢٠٠٥ لەجیهاندا!



لەپۆڵەندا: خواستی کەمکردنەوەی ریژەی بیکاری، بەرزکرایەوە کە ریژەی بیکاری ٪١٩,٣ دەبیت.



ئیسپانیا: کریکاران خواستی باشکردنی وەزعی بیکاران و وەزعی کۆمەلایەتیان بەرزکردبۆوە.



کوبا: لەرۆژی ١ی ئایاردا هەزاران کەس رژانە سەر شەقامەکان بۆ ئەوەی رۆژی هاوپشتی جیهانی چینی کریکار ریزلبگرن.



ئۆکرانیا: بەرزکردنەوەی سومبل و رەمزی کۆمۆنیزم کەلەو ولاتەدا زالە لەبەرامبەر دەولەتدا.



هندستان:

دەیان هەزارکەس لەسەر بانگەوازی ئیتحادیەکریکاری و سۆسیالیستیەکان بەشیعاری بەلی بۆ بۆ مافەکانی کریکاران و بەلی بۆ دیموکراسی، لە نیپالی پایتەخت و چەند شاری تر دەنگی نارەزایەتی خۆیان لە١ی ئایاردا بەرزکردەوە. کەلەشیعارەکانی تر نا بۆ کوشتاری سەرمایەداری و بەلی بۆ سوسیالیزم ئیستا.



ئایاری ٢٠٠٥ لەئیسرائیل

## روخساری سۆسیالیزمی کریکاری لەئایاری ۲۰۰۵ لەجیهاندا!

**فەلەستین:**

یەکیک لەشیعارە بەرجەستەکانی خۆپیشاندانی ئایاری ئەمسال لەفەلەسیتن داوای کارو دیفاع لەکریکارانی بیکار بوو، تەنها لەناوچەکانی ویست بانک و غەزەدا نزیکەی ۲۰۸۰۰۰ بیکار هەیە. هەروەها بۆ باشکردنی وەزع و حقوقی کریکاران شیعار وتراوە.

هەروەها لەقسەی یەکیک لەبەشداربوانی خۆپیشاندانەکەوە بەناوی ئەحمەد لەئەبودیس دەلیت: ئیمە کریکارانی فەلەستینی و ئیسرائیلی ئەبیت یەکبگرین بەدژی دژمنمان کەسەرمایەداریە، بەیەکەوە ئەتوانین دیوارەکان بروخینین و شتیکی باشتر دروست بکەین، لەبەر ئەوەی هیچ یەک لەئیمە شتیک ناباتەوە لەوکارەی ئەوان.

### چەند وینەیەک لە چالاکیەکانی ۱ی ئایاری ۲۰۰۵ لەعیراق و کوردستان

**لەعیراق و کوردستان، ۱ی ئایاری ئەمسال، وخساریکی گەورەی کۆمۆنیزمی کریکاری نیشاندەدات، لەشارەکانی، بەغداد، بەصرە، کەرکوك، هەولیرو سلیمانی و رانیە، مەراسیمی و ریپیوانی ئایار دەکریت، بۆ را پۆرتی کامل لەسەر ئەم چالاکیە ئایاریانە، دەتوانن سەردانی سایتی حزبی کۆمۆنیستی کریکاری بکەن:**

http://www.wpiraq.net/kurdish/archive/may2005.htm



۱ی ئایاری ۲۰۰۵ لەبەصرە



۱ی ئایاری ۲۰۰۵ لەسلیمانی

۱ی ئایاری ۲۰۰۵



لەکەرکوك





## دەرەوەی وولات

هەردوو تەشکیلاتەکانی حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق و حزبی کۆمۆنیستی کریکاری حکمتیست، لەدەرەوەی وولات لەولاتەکانی ( بەریتانیا، سوید، نەرویج، کەنەدا، هۆلەند، ئەلمانیا، فنلاند، دانمارك و ئۆسترالیا ) بەشداری بەفراوانیان لەمارش و کۆرو سمینارە ئایاریەکانی ٢٠٠٥ دا کرد، لیرەدا بەشیك لەو چالاکیانە بەوینە دەخەینە روو، بۆ تەفاصیلی زیاتر ئەگەر خوینەر بیەویت زیاتر ئاشنا بیت بەم چالاکیانە ئەوا دەتونری لەسەر سایتی حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق www.wpiraq.net بەدەست بیت :



بەریتانیا




نەرویج

ئەلمانیا





# روخساری سۆسیالیزمی کریکاری لەئایاری ٢٠٠٥ لەجیهاندا!




فنلاند



هۆلەند



کەنەدا



سوید